جارێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەزی وەکو هەدی نارد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «جارێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەزی (چەند مەڕێک یان بزنێکی) وەکو هەدی* نارد». *(هەدی: واتا ناردی ئاژەڵ بۆ مەککە لە وەزری حەجدا بۆ ئەوەی بکرێت قوربانی وگۆشتەکەی بدرێت بە هەژاران)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ناردنی قوربانی دەکات لە لایەن پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- بۆ مەککە کە پێی دەووترێت (هەدی:الهدي) چونکە دەبەخشرێت بۆ مەککە بۆ ئەوەی لەوێ سەربپردرێت لە وەرزی حەجدا بۆ نزیکبوونەوە لە خودا، وئەمیش سونەتە وپەرستنی خودایە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەز و وشتری نارد، وپاش سەربڕینی گۆشتەکەی دابەش بکرێت لە نێوان هەژارانی مەککەدا، ئەم قوربانیکردنە (ئەم هەدیە) واجب دەبێت لەگەڵ (تەمەتوع: التمتع)* یان لەگەڵ (قیران: القِران)**دا یان لە کاتی ئەنجامدانی حەرامکراوەکاندا بۆیە بە فیدیە ناودەبرێت وئەمیش قوربانیەکی (هەدیەکی) واجبە، بەڵام ناردنی ئەم قوربانیە کە عائیشە باسی دەکات سونەتە وهەرکەسێک بیەوێت دەتوانێت بینێرێت بۆ مەککە ئەگەرچیش خۆی حەج نەکات، یان لە ڕێگادا دەیکڕێت و وەکو قوربانی (هەدی) دەینێرێت بۆ مەککە بۆ ئەوەی لە خوای گەورە نزیک ببێتەوە بەم قوربانی کردنە. *(تەمەتوع؛ التمتع: واتا ئەنجامدانی عومرە لە ماوەی وەرزی حەجدا)، **(قیران؛ القِران: بریتیە لە ئیحرام بەستن بۆ ئەنجامدانی عومرە وحەج پێکەوە)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3124